

زەکەریا

لەچاوپێکەوتنێکی تایبەت بە پشووی کوردستانی نوێدا

نەوزاد عەلی ئەحمەد-سوید

(زەکەریا) یەکێکە لەو لاوە گۆرانیبێژانەی کە لە ماوەیەکی کەمدا تواناو ئاستی هونەریی خۆی خستەڕوو، دەنگو سەدای باش بڵاوبۆوەو بووە خاوەنی جەماوەرێکی گەورە، شایەتیی ئەم بۆچوونەش ساڵی پارە کە توانی لە دوای راپەڕینەوە جەماوەرێکی ئێجگار زۆر بێتە یاریگا گەورەکانی کوردستانو گوێ لە گۆرانییەکانی بگرنو لەگەڵ دەنگو جووڵەیدا شایی و گۆڤەندو هەڵپەڕین سازبکەن، دیارە کۆبوونەوەی ئەو جەماوەرە زۆرە تائێستا لەلای هەندێك کەس بۆتە نهێنیو مەتەڵ، بەڵام لە بنەمادا بە چەندین هۆکارەوە بەندە کە هیوادارم لە کاتی خوێندنەوەی ئەم چاوپێکەوتنەدا هۆکارو نهێنی ئەو جەماوەرەتان بۆ وەردەربکەوێت، بەڵام لە هەموی گرنگتر زەکەریا توانی رچەی ئاهەنگی نێو هۆڵە داخراوەکان بشکێنێ. فەرموون ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری پشووی کوردستانی نوێیە لەگەڵ زەکەریای هونەرمەند.

***سەرەتاکانت لە کوێوە دەست پێدەکەن؟**

-لە کوردستاندا، بەتایبەتی کاریگەریی بنەماڵەکەمان وەك دەنگ (نەجمەدین ئاوارە)ی برامو وەك مۆسیقاش (گەیلانی)ی برام.

***هیچ قوتابخانەیەکی هونەریت تەواوکردووە؟**

-لە سوید ئەندازەی دەنگم خوێندووە، لە زۆر رووەوە هەوڵمداوە خۆم پێبگەیەنم.

***لە کوردستان مۆسیقات دەژەند، بەڵام لە ئەوروپا گۆرانیشت وت؟**

-خۆشەویستیم بۆ هونەرو کاریگەریی دەنگو خەریکبوونم لەگەڵ هونەری گۆرانی گوتن ئەو هەستەی لەلا دروستکردم کە دەتوانم گۆرانیش بڵێم.

***کێ بوو وەك یەکەم کەس میلۆدی دەنگی زەکەریای دۆزییەوە؟**

-زۆرجار لەگەڵ هاوڕێیەکانم لەکاتی کاری مۆسیقادا گۆرانیم دەگوت، هەروەها لە دانیشتنی تایبەتیش، کاك نەجمەدین-ی برایشم هانیدەدام کە گۆرانی بلیم.

***ئایا هەر تەنیا دەنگی خۆش خالیکی سەرەکییە بۆ گۆرانی گوتن؟**

-بەرای من دەنگ هۆکاریکی گرنگە، بەڵام چۆنیەتی بەکارهینانی ئەو دەنگەش هۆکاریکی گرنگترە.

***چۆن شیعر بۆ گۆرانییەکانت هەلدەبژێری؟**

-شیعریك هەلدەبژێرم کە کارم تیبکاتو بۆ جەماوەریش کاریگەر بیت.

***چۆن خۆت لە ئاوازی سواوی کوردی دەپارێزی؟**

-ئاواز، گیانیکی زیندوو بەگۆرانی دەدات، بۆ رزگاربوونیش لەو ئاوازەی کە تۆ باسی دەکەیت، پیویستە فراوانترو زانستیانەتر لە ئاوازی کوردی بروانین.

***وەرگرتنی ئاوازی نەتەوەیەکی تر تا چەند دەچێتە خانەی دزییەوە؟**

-پێموایە وەرگرتنی هەر ئاوازێکی تر تا ئەگەر دەستکاریش بکرێت هەر موڵکی خاوەنی یەکەمیەتیو ئەو هەوڵەش دەچێتە خانەی دزییەوە.

***لەکاتی وێنەگرتنی کلیپێکدا کێ سیناریۆت بۆ دادەرێژێت، ئایا لەو حاڵەتەدا لاسایی کەس ناکەیتەوە؟**

-من تائێستا چەند گۆرانییەکی بە ژمارە کەمم کلیپ کردووە، ئەگەر خۆم سیناریۆکەم داڕشتبێت لە ژێریەوە نووسراوە، کاتێك خۆم سیناریۆ بۆ کلیپێکم بکەم بە هەموو توانام هەوڵ دەدەم کە لە لاسایی دوور بکەومەوە.

***دەڵێن ئاوازی زۆربەی گۆرانییەکانت هی خۆتن، ئایا ئاوازەکانت داناون یان ئامادەتکردوون؟**

-هەر گۆرانییەك ئەگەر نووسرابیت ئاوازی زەکەریا، ئەوە واتە خۆم ئاوازم بۆ داناوە ئەگەر ئامادەشم کردبیت ئەوە دەنووسریت ئامادەکردن.

***هونەرمەند کەی پیرۆز دەبیت؟**

-پیموایە تەنها جەماوەر بریار لەسەر ئەم مەسەلەیە دەدات.

***وەك هونەرمەندیك لە بواری ئاواز، مۆسیقا، شیعر، چ کیشەیەکت هەیە؟**

-دیارە وەك هەر هونەرمەندیکی تری کورد بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمیکی هونەریی زۆر کیشەم دیتە ریگا. لە بواری ئاوازدا، هەمیشە هەول دەدەم کە خۆم ئاوازی تازە دابنیم، یاخود ئاوازیکی رەسەنی کوردی نوێ بکەمەوە، لەبواری مۆسیقاشدا لیرە زەحمەتییەکی زۆر دەبینم تاکو بتوانم بۆ یەکیك لە گۆرانییەکان مۆسیقا تەواو بکەم، بۆ بواری شیعریش بە هەمان شیوە دەستکەوتنی شیعریك تا ئاوازی بۆ دابنیم زۆر هیلاکم دەکات، راستە ئەمانە کیشەن، بەڵام خۆشەویستی هونەرمەند بۆ هونەرەکەی ئەو کیشانە بچووك دەکاتەوە یاخود هەر نایهێڵێت. سەرکەوتنی گەورە ماندووبونی گەورەی گەرەکە.

***جیاوازی لە نێوان سی دی یەکەمو دووەم، دووەمو سێیەم، سێیەمو چوارەمدا چییە؟**

-لە هەموو بەرهەمەکاندا بە ئومێدی ئەوە کارم کردووە کە قۆناغ بە قۆناغ تەکانی تازەتر بە هونەری گۆرانی کوردی

بدەم، گوێگرانی سیدییەکانم دەتوانن ئەو جیاوازییانە دەستنیشان بکەن.

***کاریگەریی مۆسیقاو گۆرانی کوردی لەسەر دراوسێکانمان چییە! ئەی هی ئەوان لەسەر ئێمە چییە؟**

-بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ئاوڕێك لە مێژووی گۆرانی کوردی بدەینەوە، چونکە بە درێژایی مێژوو دراوسێکانمان سوودیان لە هونەری گۆرانی کوردی وەرگرتووە، چ لەلایەنی ئاوازەوە بێت یاخود بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆسیقا، زۆر لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانمان بەشێوەیەکی ئاشکرا دراوسێکانمان دەیلێنەوە، تاهەندێك لە هونەرمەندە مەزنەکانمان کە لە پایتەختەکان ژیاون بێگانەکان سوودیان لێ بینیون و دواییش هونەرەکەیان بۆ خۆیان بردووە وەك لە وڵاتەکانی ئێران و تورکیادا. لەلایەکی ترەوە من پێموایە تاکو ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی باش سوود لە هونەری دراوسێکانمان وەربگرین، ئیتر لەم رووەوە کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوە لەشێوەو جۆری کاریگەریی و وەرگرتنی هونەری گۆرانی کوردی لەلایەن دراوسێکانمانەوە بکەین، هەمیشە ئەو میللەتانەی کە وڵاتیان هەیەو توانای ئابوورییان باشە توانیویانە غەدر لەو میللەتانە بکەن کە وڵاتیان نییە یاخود باری ئابوورییان خراپە، لەم رووەوە کوردیش غەدرێکی زۆری لێکراوە.

***ئایا وەك هونەرمەندێك چۆن دەتوانی سەلیقەی گوێگرانی کورد بە گۆرانی رابهێنێت؟**

-یەکێك لە ئاواتە گەورەکانم ئەوەیە کە بتوانم بەشێوەیەکی بەردەوام سەلیقەی گوێگرانی کورد بەرێژەی زیاتر بە گۆرانی کوردی ئاسوودە بکەم، دیارە ئەمەش بەداهێنان دەبێت، نەخوازەڵلا شێوەی مۆدێرن بگرینەبەر، مۆدێرن لە ئاواز، مۆسیقا، دابەشکردن تا بە کلیپیش دەگات، چونکە ئەمڕۆ گوێگرو بینەری کورد شتی تازەیان دەوێت، هەربۆیە پێویستە ئێمە بە دوای داهێناندا بگەڕێین و کارو بەرهەمی نوێیان پێشکەش بکەین، ئەگەر ئەمە نەکەین ئەوە گوێگران زۆربەیان گوێ لە گۆرانی بیانی دەگرن و دوای دەکەون.

***پێش ئەوەی بچیتەوە کوردستان هەستت دەکرد تۆ خاوەنی ئەو جەماوەرە زۆرە بیت؟**

-ئەوەی راستی بێت من هەمان هەستم هەبوو، بەتایبەتیش بەهۆی ئەو کەسانەی کە لە کوردستان لێیان دەپرسیم و هەواڵیان بۆ دەناردم، هەربۆیە پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بەرنامەی ئەوەم دانا کە بگەڕێمەوە لە یاریگا گەوروەکانی کوردستان ئاهەنگ بگێڕم تاخەڵکێکی زۆر لە ئاهەنگەکانمدا ئامادەبن.

***ساڵێك لەمەوبەر لە یەکێك لەمینبەرەکانی کوردستاندا غەدر لە هونەرەکەت کراو تۆش وتت من بە بەرهەمێکی تر وەڵامی دەدەمەوە، ئایا سی‌دی (رۆژگار) وەڵامی ئەو غەدرەیە؟**

-ئەو غەدرە لە هونەری من نەکرا بەڵکو لە هونەری کوردی کرا، چونکە هەر هەلکشانیك لە ئاستی هونەری زەکەریادا هەڵکشانە بۆ هونەری کوردی، من وەڵامی ئەوانە بە بەرهەمی باشتر دەدەمەوەو سی‌دی رۆژگایش خزمەتێکە بۆ هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردی.

***تۆ گۆرانی بۆ کێ دەڵێیت؟**

-من گۆرانی بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەڵێم، گۆرانی بۆ ئاشتیخوازان و عاشقانی وڵاتەکەم دەڵێم، گۆرانی بۆ ئەوانەش دەڵێم کە حەز بەدەنگی من دەکەن.

***کە جەماوەری هونەرەکەت دەبینی هەست بەچی دەکەیت؟**

-من هەمیشە سوپاسی جەماوەری هونەرەکەم دەکەم. هێزو توانای خۆم لەو جەماوەرە وەردەگرم بەتایبەتی جەماوەری کوردستان هاندەرێکی گەورەیە بۆمن و لەوێوە سەرچاوە دەگرم.

***هونەری گۆرانی کوردی لەنێوان ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

-هونەری باش و سەرکەوتوو، یان باشترە بڵێین، بەرهەمی سەرکەوتوو، لە کوردستان بێت یان لە دەرەوە هەر سەرکەوتووە، بەڵام بەرهەمی کرچ و کاڵ و ناتەواو لە دەرەوەش بەرهەم بێت سەرکەوتوو نابێت، رادەی سەرکەوتنی بەرهەم بە ئاستی هونەریی بەرهەمەکەوە بەندە.

***هونەرمەند کەی شکست دێنێ؟**

-ئەوکاتەی کە هونەرەکەی بۆ خزمەتی راستەقینەی نەتەوەکەی نییە، ئەوکاتەی کە لە هونەری رەسەنی نەتەوەکەی دوورەدەکەوێتەوەو کلتووری نەتەوەکەی پشتگوێ دەخات.

***گرنگی بە دەزگاکانی راگەیاندن دەدەیت؟ نەخوازەڵلا کە غەدرێکت لێبکەن؟**

-مایەی دڵخۆشییە کە راگەیاندنی کوردی لەگەشەکردنایە، بەڵام هیوادارم کە هەواڵێك بڵاودەکەنەوە باش بچنە بنج وبناوانی هەواڵەکە، ناکرێت هەر کەسێك قسەیەکی کرد دەستبەجێ بڵاویبکەنەوە، چونکە لەم رووەوە زۆر جار راگەیاندن غەدر لە هونەرمەندان دەکات، ئەمڕۆ زەمەنی عەولەمەیەو دنیا بچووك بۆتەوە دەتوانرێت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا بەهۆی تەلەفۆن و ئینتەرنێتەوە دەستبەجێ پەیوەندی بە هەر هونەرمەندێکەوە بکرێت لەهەر کوێی دنیاوە بێت.

***تکایە بە رستەیەك وەڵامی ئەم وشانە بدەرەوە:**

***عەشق**؟

-سەرچاوەی ئیلهامی هونەرە.

***هەولێر**؟

-هەولێرو هەر هەموو شارەکانی تری کوردستان ئەو شوێنانەن کە گۆرانییان بۆ دەڵێم.

***گوڵ**؟

-بەشێك لە گۆرانییەکانم بۆ گوڵ-ە.

***منداڵیی**؟

-ساتێکی ناسکە بۆ دانانی نەخشەی پاشەڕۆژ.

***کورد**؟

-ناتوانم بە تەنیا رستەیەك باسی (دنیا)یەك بکەم.

***ئازادیی**؟

-تا ئازادیی زیاتر بێت داهێنان و پێشکەوتن زیاتر بالادەکەن.

***دوا وتەت؟**

-سوپاس بۆ تۆو بۆ گۆڤاری پشووی کوردستانی نوێ، سوپاسیش بۆ جەماوەری هونەرکەم پێان دەڵێم سی‌دی رۆژگارم دوا بەرهەمم نییە بۆ ئەوان بەڵکو دیاری من بۆ ئەوان هەمیشە بەردەوامەو بەردەوام دەبێت.